# روحی هۆشەنگ ، هۆشەنگی روح

2008/10/26 هەولێر



چ وێرانە دڵ چ خەراباتە مێشك

دێت و دەچێ لە نێوان شك و ناشك

لە نێوانی من و تۆدا ئەی خودی ختمی گومان

لە کوێم بوو توانای مان و هێزی نەمان

ئاگرە روح، روحی ئاگریش وا لە دڵدا

ئومێدی من، بێ ئومێد بوو ئومێد لە مندا

تۆ نازانی چەند خۆشبەختیت کە ئەمرۆکەش بە لاتدا تێدەپەرِم و دەڵێم سلاو

کە ئەمرۆکەش دەشێ پێت بڵێم رەزا گران چەندم خۆشدەوێی؟

تۆ نازانی دەشێ هەر رۆژێك لەم رۆژانەدا بێ خاتر خواستن بەتەلەفۆنیش گوێت لە دەنگم نەبێتەوە

هەر بێ پێشبینی جارێکی تر 4451635

زەنگت بۆ لێنەدا و، ئیدی بڵێت: ئەو ژمارەی داوات کردووە بۆ ئەبەد داخراوە

رەنگە بەخەیاڵت نەیێ پیاسەیەکی بەردەرکەتان و چا خواردنەوەیەك لەگەڵ مندا بێ وادە و ژوان کۆتایی بێت

رەنگە خەیاڵ نەکەی چەند سانایە بەیانی بۆ ئەبەد نەمبینییەوە و جارێکی دی لە سایتێکی ئەو دنیایەدا نەمخوێنییەوە.

رەنگە باوەرِ نەکەی بێ شەوباشێك نەمبینییەوە

بێ ماچێك جارێکی دی بە رێکەوتیش نەمدۆزییەوە

ئێستا تۆ خەیاڵ ناکەیت 2/22 ساڵی دابێت نەتوانی پیرۆزباییم لێبکەیت و بە گاڵتەوە پێمبڵێیێت: سۆفی پیر بوویت؟! تۆ پیر بوویت و جحێڵ نابیتەوە

رەنگە ئێستا بە مێشکتدا نەیێ ئەشێ ئەم شعرە دوا نووسینم بێت و لەگەڵ دەستنووسەکانی دیکەم لە نێو کاخەزەکانی نیچە و شۆپنهاوەر و سوهرەوەردییەوە بزر بن و پێڕانەگەیت بڵێیێت ئای لەگەڵ ئەم شعرەت چەند گریام و چەند بێتاقەت بووم

رەنگە فریا نەکەویت بڵێیێت دوا شعرت گەڕانەوەیەک بوو بۆ غەزەل و کاریگەری غەزەلنوسەکەی بەختیار عەلی بەسەرەوە بوو

کەستان پێڕاناگەن راڤەیەکی بێئاگایی بدەنە مردنم
رەنگە تۆ سەر با بدەیت و بڵێی فانتازیاکان دادیان نەدا
رەنگە تریفە بڵێ خوێندنەوە شێتی کرد
رەنگە هەندۆ بڵێ ئازاد نەبوو
راوێژۆکە بەناو پێچ و پلوچی ئەنتەرنێتەوە وەربێت و بزانێت چ ئیمیلێک منی کوشت
زیاد بڵێ ژن غەدری لێکرد
سامۆ بڵێ هەقیقەت کوشتی
ئازۆ بڵێ خەفەتی کوریکەیەک ، بەهارێک ، جۆگەیەک و کێشکەیەک لەناوی برد

ئیدی چی دەڵێن بیڵێن، کەستان درۆ ناکات و کەسیشتان راستی لا نیە

کە من وا لە نێوانی ئێوە و خۆمدا بێ رامانی جوانییەک وشەیەک دەمهێنێت و دەمبا
کە من لە نێوان وەرزەکاندا بێ پەلک و چرا دڵم دەبێ بە خەڵوز حەرفێک دەمکا بە دەهبا
هەرچی هەمە یارێک دەیخاتە دەریاو یارێک دەیخاتە دەفتەرێکەوە و یارێک دەیدا بە با
من بە با وەردەبم و روحی باش دەرژێتە خوێنمەوە وەکئەوەی دەبوایە هەر لە سەرەتاوە لەوێبا

ئیدی هێشتا تۆ خەیاڵ ناکەیت بای ئەو بەیانییە جەرگ و هەناوی من بێت
بیرت لەوە نەکردۆتەوە روحی ئەو سپێدەیە تژی بێت لە بۆنی من
بیر ناکەیتەوە غروبی ئەو ئێوارەیە پڕ بێت لە رەنگی من
ناتوانی پێشبینی بکەیت گیانی ئەو شەوە پارچەیەک بێت لە بێدەنگی من

که من هەم و دەڵێم هەرگیز لە بەر برین هەڵنەستی

ئەم بوون و ئەم مانە هەم زمان دەکاتەوە و هەم دەیبەستی

تاویٚ بە دڵ ، تاویٚ بەسەر، تاویٚ بەرۆح، تاویٚ بە چاو

تا مردنیش یەقین نابم عەشق درۆیە یانیش راستی

تۆ نازانیت بەیانی ئیمیلەکەت دەکەیتەوە و سۆزیٚ نیە دەستت بگریٚ و لە روحی عەشقدا بگەڕێیت و نامەیەکم بۆ بنووسیت.

تۆ و ئەوانی دیش بیریان دێتەوە، دەبوایە دوێنیٚ ئێوارە کە لەسە کار دەگەڕانەوە یەکێک مەسجێکی بۆ ناردبام و گووتبای:

لەدەردی دڵی تۆ دەپرسم کە دڵت روحی دەردە

لە دووری تۆ دەپێچمەوە کە دووریت گیانی بەردە

لەچاوت رادەمێنم،

کە چاوت ئاوێنەی قولآیی زمان و گیان و ئومێدە

دەبوایە یەکێک دوای نووسینی شعرێکی زەنگێکی لێدابا و بیٚ سلاٚو گووتبای:

خۆم دەدەمە بەر هەتاو و دەزانم تۆ روحی رووناکی یەزدانی

خۆم تەڕ دەکەم و دەزانم تۆ روحی بارانی

خۆم فرێدەدەمە ناو هەورەکان و دەزانم تۆ گیانی رەوانی

وا دێمەوە و پێکەوە تا سەر مانگ پیاسە دەکەین و

دەزانم تۆ روحی تریفە و روحی جوانی

دەبوایە یەکێک دوای تەلەفۆنی خۆشەویستەکەی ئاگادرای کردبامەوە:

من لە نێو باخچەی عەشق و سینەم پڕە لە بۆنی ماچ

خۆشەیستم، روحی رەها و رەهای روحە

بۆیە گیانە باکم نیە ، دەچمە سەر خاچ

دەبوایە یەکێک دوای چا خواردنەوەی ئێواران بیری هاتبایەوە خراپ نیە ئەگەر هەر بۆ هەوەس بڵێم چۆنی؟ دوا نووسینەکەت لەسەر رەشبینی گەیشتە کویٚ؟ دەزانم تۆ ناخۆیتەوە بەلاٚم دەڵێی چی بچین سەر و بیرەییٚ لە رێی سپیگرەوە بخۆینەوە؟

دەزانم هەر یەکە و لە لای خۆیەوە شتێک دەڵێ

مەراقێک دەخاتە دڵییەوە کە بۆچی لە دواۆژی تەمەنی مندا کاتی نەبوو سەرێکم لێدا

بۆچی کاتی نەبوو هەر چ نەبێت زەنگێک و نامەیەک و ماچێکی لە دوورەوە بۆ ناردبام

تف دەکەنە کاتەکان و گلەیی لە رۆژگار دەکەن

هەروەکو من و ئێستا

هەروەک من و دوێنێ

هەروەک من و پێرێ و رۆژانی پێشووتر

وەک هەفتەکانی رابردوو و مانگی رۆیشتوو و ساڵی پار و ساڵەکانی دوورتر

تا دواتر تێدەگەن و بیرتان دەکەوێتەوە ئەوە ئێمەبووین ماناکانمان بە ژیان دەبەخشی

ئەوە ئێمەبووین روحی ژیان و ژیانیش جگە لە روحی ئێمەوە شتێک نەبوو

سلاو ئەزیزانم سلاو لە ئەقڵ و روحتان ، لە ساتەکانی کۆتایی ئەزیزێکتان